# هەرکەسێک چووە شوێنێک، وبڵێت: (أعوذ بكلمات الله التَّامَّات من شرِّ ما خلَق)^؛ ئەوا هیچ شتێک زیانی پێناگەیەنێت هەتا لەو شوێنە دەردەچێت

لە خەولەی کچی حەکیمی سولەمیەوە دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «هەرکەسێک چووە شوێنێک، وبڵێت: (أعوذ بكلمات الله التَّامَّات من شرِّ ما خلَق)^؛ ئەوا هیچ شتێک زیانی پێناگەیەنێت هەتا لەو شوێنە دەردەچێت». ^(واتە: پەنا بە وشە کامڵەکانی خوای گەورە دەگرم [قورئان] لە شەڕ وزیانی ئەوەی دروستیکردووە).
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێنموێنی ئومەتەکەی دەکات بۆ پشت بەستن وپەنا وهانا بردن تەنها بۆ ئەو زاتەی کە هەموو سوودێک بەدەستی ئەوە، وهەموو ناڕەحەتی وترسێک تەنها ئەو دەتوانێت دووری بخاتەوە لە مرۆڤ ئەگەر بچێت بۆ شوێنێک، ئینجا لەکاتی گەشتکردن یان سەیران یان شتی تر بێت؛ ئەمیش بەوەی داوای پەناگرتن لە الله بکات بە وشەکانی الله -قورئان- لە فەزڵ وبەرەکەت وسوودیان، کە سەلامەتە لە هەموو کەموکورتی وعەیبێک، لە شەڕی هەموو خوڵقێنراوێک کە شەڕ وزیانی هەیە، بۆیە بەردەوام لەو شوێنە بێ ترس وئارام دەبێت لەهەموو شتێکی زیانلێدەر.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5932